https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2252.6

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# بونیادی موەششەح لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا

م. ی. سەرباز مەجید خۆشناو
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی پەروەردە
Sarbaz.omer@soran.edu.iq

پ. د. یادگار ڕەسوڵ محەمەدەمین
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب
yadgar.ameen@soran.edu.iq

**پوخته**

هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی موەششەح لە ئەدەبدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی، بەڵام لە شیعری کوردیدا، دەکەوێتە نێو قۆناغی نوێبوونەوە و بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە. شاعیرانی کورد لەم قۆناغەدا، هاوشێوەی قاڵبەکانی دیکەی شیعر، کاریان لەسەر نوێکردنەوەی قاڵبی موەششەح کردووە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنەسەر بونیادی ئەو دەقانەی، کە بەختیار زێوەر لە قاڵبی موەششەحدا دایڕشتوون، بۆ ئەو مەبەستەش، بە نموونەی شیعری، تایبەتمەندییەکانیان خراونەتەڕوو.

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لێکۆڵینەوە لەم قاڵبەدا دەکات، بەو واتایەی پانتاییەکی فراوانتری بۆ لێکۆڵینەوە لە بونیادی موەششەحدا فەراهەمکردووە، چونکە پێشتر ئەگەر باس لە موەششەح کرابێ، بە کورتی و لەپاڵ قالبی دیکە و لەپاڵ بابەتگەلێکی دیکەوە بووە و وەکو پێویست لێی نەکۆڵدراوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی کەلێنێکی گەورە لەم بوارەدا هەیە و زۆر هەوڵی داهێنەرانەی شاعیرانیشمان بە پەنهانی ماونەتەوە، کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، بە میتۆدی وەسفی شیکردنەوە بۆ شێوازی بونیادی موەششەحەکانی بەختیار زێوەر دەکەین، بەو هیوایەی ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر و موەششەحی زیاتری شاعیرانی دیکەی کورد. ئەم لێکۆڵینەوەیە بە چەند ئەنجامێکی تازە گەیشتووە، کە پێشتر لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا، سەبارەت بە موەششەحەکانی بەختیار زێوەر، باسی لێوە نەکراوە.

وشە سەرەکییەکان: موەششەح، دەور، قوفڵ، بەیت، غوسن، سەمت

## بونیادی موەششەح لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا

### پێشەکی

یەکێک لەو هەوڵانەی، کە لە قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا شاعیرانی کورد هەنگاویان بۆی هاوێشتبێ، هێنانە ناوەوەی قاڵبی موەششەح بووە. پێشتر لە شیعری قۆناغی کلاسیکیدا بەرچاوناکەوێت. موەششەح لە شیعری عەرەبیدا قاڵبێکی نوێ نییە و بوونێکی لە مێژینەی هەیە، بەڵام شاعیرانی کلاسیکی کوردی، ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە ژینگە و بە زەوق و سەلیقە و کۆنەستی ئەو سەردەمانەوە هەبووە، چونکە سەرهەڵدانی موەششەح پەیوەندیی بە پەرەسەندنی هونەری مۆسیقا و گۆرانیی سەماوە هەیە و دەقی موەششەح دەقێکی فرەئاوازە.

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا، چ بە هۆی کاریگەریی شیعری شاعیرانی تورک بووبێ، چ بەهۆی پەرەسەندنی مۆسیقا و گۆرانییەوە بێ، موەششەح لە شیعری کوردیدا گەشەی کردووە.

**پێشینەی بابەتی لێکۆڵینەوە**: موەششەح وەک قاڵبێکی نوێ لە شیعری کوردیدا، به تایبەتی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەقی زۆری بەرهەمهێناوە و تەکنیکی جۆراوجۆری داهێنراوی تێدا پەیڕەوکراوە، لە بەرانبەر ئەمەدا ڕووکەشانە لە چەند نامە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیدا باسی لێوەکراوە. عیززەددین مستەفا ڕەسول (زێوەر، ٩٨٩، ل٣٤) لە پێشەکیی دیوانی بەختیار زێوەردا، لەبارەی (سروودی پیرەمەگروون)دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە سەرەتایەکە بۆ تازەکردنەوەی چەند موەششەحێک، بەڵام ئاماژەی بە موەششەحی پێنج شیعرەکەی دیکە نەکردووە، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسکراون. دڵشاد عەلی(١٩٨٨، ل١٦٩) لە چوارچێوەی بابەتی موسەممەتدا، باس لە پێکهاتەی موەششەحێکی

بەختیار زێوەر دەکات، کە هاوشێوەی موەششەحی عەرەبی لە غوسن و دەور و خەرجە پێکدێت. عەزیز گەردی لە هەردوو نامەی ماستەر و دکتۆراکەیدا، لە نێو بابەتی کێش (١٩٩٩، ل٢٥٤- ٢٦٢) و سەروا(١٩٩٩، ل٢٧٩-٣٠٢) دا، بە شێوەیەکی فراوانتر لە بابەتی موەششەح دواوە و ئاماژەی بە بەختیار زێوەر داوە. هەریەک لە محەممەد ئەحمەد سەعید و هێرۆ لەتیف(٢٠١٢، ل٨٨) لە توێژینەوەیەکیاندا، ئاماژەیان بە قاڵبی موەششەحی (خەندەکەی بایی)ی دڵدار کردووە، سافیە محەمەد ئەحمەد (٢٠١٤، ل٨٦) لە ڕووی بونیادی سەرواوە نموونەی موەششەحێکی پیرباڵ مەحموودی شیکردۆتەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە

موەششەح لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی کوردیدا، وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە و لەو بوارەدا کەلێنێکی بەرچاو هەیە، ویستمان بە شێوەیەکی ورد کاری تێدا بکەین، بۆیەش دەقەکانی بەختیار زێوەرمان هەڵبژاردن، چونکە هەم بەختیار زێوەر لە پێشەنگەکانی ئەم هەوڵەیە، هەم دەقەکانی لە ڕووی بونیادەوە هەمە چەشنن و وەک نموونەی موەششەحی کوردی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان دادەپۆشن.

**سنووری لێکۆڵینەوە:** لە نێو چوارچێوەی قاڵبی موەششەحدا، کارمان لەسەر دەقی شیعرەکانی بەختیار زێوەر کردووە، کە لە دیوانەکەیدا چاپکراون و لەگەڵ ئەو گۆڤارانەی، کە پێشتر دەقەکانیان تێدا بڵاوکراونەتەوە، بەراوردکراون.

**بایەخی لێکۆڵینەوە:** جگە لەوەی لە ڕووی مێژووییەوە باس لە قاڵبێکی شیعریی فەرامۆشکراو دەکەین، هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی ورد بونیادی موەششەح بخەینەڕوو و ئەو تایبەتمەندییانەش دەستنیشانبکەین کە لە موەششەحەکانی دیوانی بەختیار زێوەردا هەن و پەیوەندییان بە

داهێنانی شیعرییەوە هەیە، باسەکەشمان بە نموونەی شیعری دەوڵەمەندکردووە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:** لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی قاڵبی موەششەحدا، لە بونیادی دەقە شیعرەکانمان ڕوانیوە، ئەمەش وایخواستووە، بە میتۆدی وەسفی – شیکاری، کار لەسەر دەقەکان بکەین.

**ناوەرۆکی لێکۆڵینەوە:** بابەتی لێکۆڵینەوەکە، پێویستیی بە خستنەڕووی لایەنی تیۆری هەبوو، بۆیە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ چییەتی و جۆرەکانی موەششەح تەرخانکردووە. لە بەشی دووەمیشدا، باس لە بونیادی موەششەحەکانی بەختیار زێوەر کراوە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەشماندا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووین، کە لە چەند خاڵێکدا پوخت کراونەتەوە، لە کۆتاییشدا، ئاماژەمان بەو سەرچاوانە کردووە، کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لێوەرگرتوون.

## ١- چییەتیی موەششەح

موەششەح وەک قاڵبێکی هونەری لە شیعردا، سنوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا دەناسرێتەوە و بەهۆیەوە لە قاڵبەکانی دیکەی شیعر جیادەکرێتەوە.

### ١-١ زاراوە:

موەششەح، یان (تەوشیح)، لە (وشاح)ی عەرەبییەوە هاتووە، زاراوەی (الوشاح) لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بە واتای: "دوو ڕشتە لە مرواری و گەوهەر، بەجیا هۆنراونەتەوە، یەکێکیان بەوی دیکەیانەوە گرێدەردێت و ئافرەت خۆی پێدەڕازێنێتەوە" (أبن منظور، ١٩٩٨، ل٤٨٤١). یان بریتییە "لە قایشێکی پێستەی گەوهەربەند، کە ئافرەت بە ملیەوە دەکات و تا کەمەری شۆڕدەبێتەوە" (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٥٤). لە هەندێک سەرچاوەدا بە

(کەمەربەند) دەگوترێن، کە ئافرەتان لە کەمەریانەوە دەیبەستن (الافرانی، ١٩٩٧، ل١٠١). لە پیاوانیشدا، "خۆ ڕازاندنەوە بە جلوبەرگ و شمشێر" تەوشیحی پێدەگوترێت (أبن منطور، ١٩٩٨، ل٤٨٤١). لە هەموو ئەو پێناسانەی، کە بۆ (الوشاح) کراون، مەبەستی جوانی و ڕازانەوە و خەملاندنیان تێدایە. خواستنیشی وەک زاراوە بۆ جۆرە هونەرێکی شیعری، بۆ ئەو سنعەتکارییە ڕازاوەیە دەگەڕێتەوە، کە هاوشێوەی مرواری و گەوهەرەکانی ویشاحی ئافرەتان لە پێکهاتەی شیعرەکەدا بەکاردێن (الرکابی، ١٩٦٦، ل٢٩٣). بەو واتایەی کە "خەرجە و غوسنەکانی، وەک و ویشاح وان" (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٥٤). لە کوردیشدا، موەششەح یان تەوشیحی بۆ بەکاردێت. علاءالدین سجادی (١٩٦٧، ل١٧٩) بە (ڕازاوە) ناوی هێناوە، بەڵام لە ڕووی زاراوەوە، شوێنی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا نەگرتووە و لە ئێستادا، زیاتر (موەششەح) بۆ ئەو چەمکە بەکاردێت.

**١-٢ چەمک**

موەششەح لە ڕووی چەمکەوە، بە جۆرە شیعرێک دەگوترێت، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی سێی کۆچی، بەرانبەر سەدەی نۆیەمی زایینی لە ژینگەی ئاواز و گۆرانییەوە لە ئەندەلوس سەریهەڵداوە (نجاحی، ٢٠١٠، ل٢٦) بونیادێکی موسیقیی تایبەت بە خۆی هەیە، "موەششەح قسەیەکە لەسەر کێشی تایبەت هۆنراوەتەوە، بە زۆری لە شەش قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێت و تەواوی پێدەڵێن، بە لایەنی کەمیشەوە لە پێنج قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێت و ئەقرەعی پێدەڵێن" (ابن سناء الملک، ١٩٤٩، ل٢٥). ئەمەش تایبەتمەندیی ئەم جۆرە هونەرە دەردەخات.

**٣-١ بونیادی موەششەح**

موەششەح بونیادێکی مۆسیقی و هونەریی پتەوی هەیە، کە دەبێ لە دارشتنی شیعردا پشتیان پێ ببەسترێ "بونیادی موەششەح لەسەر گۆڕانی کێش و سەروا دامەزراوە" (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٥٦). عەرەبەکان پێیانوایە (محمد بن محمود القبری) یەکەم کەسە، کە کێش و سەروای موەششەحی دەستنیشانکردووە و بەسەر نیوەبەیتدا دابەشیکردووە، ئەویش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی نەزمی گۆرانییەکانی زریاب[١] (کریم: ٢٠٠٢، ل١٧). بەشە پێکهێنەرەکان، یان پارچە و بەشەکانی موەششەح ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە بۆیەکەمجار لەلایەن (أبن سناء الملک)ەوە دەستنیشانکراون، بەڵام دیار نییە، کە ئەم ناونانە، لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە (عباسة، ٢٠١٢، ل٦٢). بە شێوەیەکی گشتی، بەشەکانی موەششەح بریتین لە:

**مەتڵەع (المذهب):** بریتییە لە قوفڵی سەرەتا لە موەششەحی تەواودا (جربوع، ٢٠١٩، ل١٠)، پەیوەندیی بە پێکهاتەی بەیتەوە نییە و دەکەوێتە پێش بەیتی یەکەم. بەو واتایەی مەتڵەع تەنیا لە بەندی یەکەمدا هەیە.

**غوسن:** هەر بەشێک، یان هەر لەتێک لە قوفڵ، غوسنی پێدەڵێن (بە قوفڵی مەتڵەع و خەرجەشەوە)، بە زۆری ژمارە و سەروا و ڕیزبوونی غوسن لە هەموو بەندەکانی موەششەحدا هاوشێوەن، کەمترین ژمارەی غوسن لە هەر یەک لە مەتڵەع و قوفڵەکان و خەرجە لە دوو کەمتر نییە، بەڵام دەشێ زیاتر بێت (عوض الکریم، ١٩٥٦، ل١٠).

**دەور:** لە موەششەحی تەواودا، دەور لەدوای مەتڵەعەوە دێت، ئەوەی پێویستە لە موەششەحدا لەبەرچاوبگیرێ ئەوەیە، کە بەشەکانی دەور لە تەواوی موەششەحەکەدا بەهەمان شێوە دووبارە ببنەوە (زینب، ٢٠١١،


ل٥٧)، بەو واتایەی کەمی و زیادیی سەمتەکان گرفت بۆ موەششەح دروستناکات ئەگەر بەهەمان ژمارە دووبارە ببنەوە.

**سەمت (السمط):** هەر لەتێک لە لەتەکانی دەور (سەمت) ی پێدەڵێن، بە زۆری لە موەششەحدا، دەور لە سێ سەمت پێکدێت. پێویستە کێش و ژمارەی سەمتەکان لە تەواوی دەوری هەموو بەیتەکاندا هاوشێوەبن. سەروای سەمت لەگەڵ سەروای مەتڵەع و قوفڵدا جیاوازە (عوض الكريم، ١٩٦٥، ٢٩ –٣٠).

**قوفڵ:** ئەو بەشەیە، کە ڕاستەوخۆ بەدوای (دەور)ەوە دێت. بوونی قوفڵ لە بونیادی موەششەحدا، مەرجی سەرەکییە، چونکە موەششەح بەبێ خەرجە و قوفڵ دروست نابێ (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٥٦). قوفڵ بەلایەنی کەم دەبێ دوو پارچە لەخۆبگرێت و بۆی هەیە تا هەشت پارچە بڕوات و بە دەگمەنیش دەگاتە نۆ پارچە (ابن سناء الملك، ١٩٤٩، ل٢٦).

**خەرجە**: قوفڵ بەپێی بەیتەکان ناودەندرێت، قوفڵی بەیتی یەکەم: قوفڵی یەکەم و قوفڵی بەیتی دووەم: قوفڵی دووەم، تا دەگاتە قوفڵی کۆتایی، کە بە خەرجە ناودەبرێت. کەواتە خەرجە بریتییە لە قوفڵی کۆتایی لە موەششەحدا (جربوع. ٢٠١٩، ل١١). بەو واتایەی خەرجە تەنیا لە بەندی کۆتاییدا هەیە.

**بەیت:** لە موەششەحدا، بەیت لە دەور و قوفڵ پێکدێت، هەر بەشێکیش پێکهاتە و ناوی تایبەت بە خۆیان هەیە (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٩٧) هەر وەک لەم هێلکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:




هێلکاریی ژمارە (١) پێکهاتەی بەیت لە موەششەحدا (گەردی، ١٩٩٩، ل٢٩٧)

### ١-٤ جۆرەکانی موەششەح

بەپێی بوونی بەشە پێکهێنەرەکان لە بونیادی موەششەحدا، دوو جۆری بنەڕەتی هەن:

### ١-٤-١ موەششەحی تەواو(التام)

ئەو موەششەحانەن، کەوا بە زۆری لە شەش قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێن (ابن سناء الملک، ١٩٤٩، ٢٥) بەو واتایەی لە بەندی یەکەمدا دوو قوفڵ هەن، ئەو قوفڵەی دەکەوێتە پێش بەیت مەتڵەعی پێدەڵێن و ئەو قوفڵەی دەکەوێتە ناو پێکهاتەی بەیت، قوفڵی بەندی پێدەڵێن.

### ١- ٤-٢موەششەحی ئەقرەع (الاقرع)

ئەو موەششەحانەن کە لە پێنج قوفڵ و پێنج بەیت پێکدێن (ابن سناء الملک: ١٩٤٩، ٢٥). بەو واتایەی بەند ڕاستەخۆ بە بەیت دەستپێدەکات و مەتڵەعی نییە.

## ٢- بونیادی موەششەح لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا

بەختیار زێوەر یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگەکانی کورد، کە چەند دەقێکی لە چوارچێوەی موەششەحدا هۆنیبێتەوە. ئەم هەوڵەی بەختیار زێوەر دەگەڕێتەوە بۆ سییەکانی سەدەی ڕابردوو.

شاعیرانی کورد، چ بە ئاگاییەوە بێ، چ بەلاساییکردنەوەی ڕەزم و ئاوازی گۆرانی٢ و شیعری شاعیرانی دیکەوە بێ، شێوەی موەششەحیان بە قاڵبی شیعرەکانیان داوە و گۆڕانکاریی زۆریشیان لە بنەماکانی موەششەحدا کردووە، کە هەندێک لەو لادانانە، لە ڕووی مۆسیقاوە نوێخوازی و داهێنانیان پێوەدیارە و دەکرێ وەک تایبەتمەندیی موەششەحی کوردی ئاماژەیان پێ بکرێت.

## ٢- ١ جۆرەکانی موەششەح لە شیعرەکانی بەختیار زێوەردا

لە قسەکردن لەسەر جۆری موەششەحەکان و بۆ خۆپاراستن لە دووبارەکردنەوەی دەقەکان، هەوڵدەدەین دەقەکان لە ڕوانگەی کێشەوە، پۆلێنبکەین و دواتر لە ڕوانگەی بونیاد و بەپێی پێکهاتەی قوفڵ و بەپێی پێکهاتەی دەور، تیشک بخەینە سەر جۆر و سەروای موەششەحەکان.

### ٢-١-١ ئەو موەششەحانەی لەسەر کێشی عەرووزی نووسراون

هەرچەندە بەپێی مەبەست و بابەتی موەششەح بەحری جیاواز بەکارهاتوون، هەر بەحرێکیش لە ڕووی ڕەزمەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام لە قاڵبی موەششەحدا، چونکە زیاتر بە مۆسیقاوە پەیوەستە، ئەو بەحرانە بەکارهاتوون، کە ڕەزمی سووک و خێرایان هەیە و بە لەرینەوەن و دێرەکانیان کورتن. لەگەڵ ئەمەشدا، بەهۆی جیاوازیی ژمارەی غوسن و سەمتەکان و بەهۆی تێکشکاندنی پێکهاتەی بەحرەکان و کارکردن بە تەفعیلەکان، بونیادی هەر موەششەحێک، پێکهاتەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەگەر لە چوارچێوەی هەمان بەحریشدابن.

**٢-١-١-١ ئەو موەششەحەی بە پێی بەحری ڕەمەل هۆنراونەتەوە.**

لە موەششەحی کوردیدا، نموونەی (پایزی زستانی)ی زێوەرمان هەیە، کە لەسەر کێشی ڕەمەلی سێی تەواو (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن) هۆنراوەتەوە، بۆیەش دەڵێین سیانی، چونکە لە موەششەحدا مامەڵە لەگەڵ نیوە بەیتدا دەکرێت. کۆی موەششەحەکە، لە ڕووی کێش و ژمارەی غوسن و سەمتەکان، پێنج بەندە و هەر بەندێکیش سەروای مەتڵەع و دەور و قوفڵەکانیان جیاوازن.

لە ڕووی بونیادەوە، موەششەحێکی تەواوە، چونکە (مەتڵەع)ی تێدایە، ئەوەی لە موەششەحی شیعری باو جیای دەکاتەوە، ئەوەیە، کە مەتڵەع لە تەواوی بەیتەکاندا هەیە، بەمەش وەک پێکهاتەی شیعری ئاسایی، ڕەزمێکی دووبارەی لە تەواوی بەندەکاندا دووبارەکردۆتەوە.

**لە ڕووی پێکهاتەی قوفڵەوە:** خەرجە و مەتڵەعی قوفڵەکان پێکهاتەی جیاوازیان هەیە:

**مەتڵەع:** هەموو مەتڵەعەکان لە جۆری قوفڵی ئاوێتەی چوار کەرتین، لە کەرتکردنیشیاندا موەششەحەکە پەیوەست نەبووە بە پێکهاتەی تەفعیلەکان و لە دابەشکردنی سەروای ناوەوەدا، لە ڕوانگەی بڕگەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، مەتڵەعەکانی چوار بەندی یەکەم دوو غوسنیی دوو کەرتین:

٨ بڕگە A + ٤ بڕگە B

٨ بڕگە A + ٤ بڕگە B

هەموو مەتڵەعەکانی دواتر هەمان پێکهاتەیان هەیە، بەڵام بە سەروای جیاواز، جگە لە مەتڵەعی کۆتایی، کە غوسنێکی زیادە و جۆرەکەی سێ غوسنیی دووکەرتییە.

**قوفڵ**: قوفڵەکان لە هەموو بەندەکاندا دوو غوسنیی یەک کەرتین، هەمان سەروایان هەیە (A A).

**خەرجە:** جیاواز لە قوفڵی بەندەکانی دیکە، سێ غوسنیی یەک کەرتی، بەڵام بە هەمان سەروای قوفڵەکانی پارچەکانی دیکە (A A A).

**لە ڕووی پێکهاتەی دەورەوە:** دەور لە تەواوی بەیتەکاندا لە سێ سەمتی یەک کەرتی هاوسەروا پێکهاتوون. دەور لە هەر بەندێکدا سەروای تایبەت بە خۆی هەیە، بەو واتایەی سەروای دەور لە بەندێکەوە بۆ بەندێکی دیکە جیاوازە. شاعیر لە دەوری بەندی کۆتاییدا، سەمتێکی زیادکردووە.

وەک نموونە، بەندی کۆتایی موەششەحەکە دەخەینە ڕوو:

پاییزی زەرد با عینوان کاری وابێ

بگرە لامان خۆشە زستان بەفر و با بێ

ئەو کەسەی سەرسامە لێمان دڵنیابێ

جەستە خۆشەی مەینەت و دڵ هەڵکزاوین

بەم کەژ و کێوانە سەربەرزی تەواوین

بۆ سەر و ژوور کەی هیوا خێچکە بەتاوین

بەفر و با ڕێی ئێمە ناگرێ تاکو ماوین

چونکه هەوڵی ئێمه بۆ بەرزیی ژیانه

چوست و خوێن گەرمین و دڵمان شادمانه

تیر ببارێ کردوکۆشمان بێ وچانه (زێوەر: ١٥٥).

به شێوەیەکی گشتی، قاڵبی پارچەیی موەششەحەکه لەم هێلکارییەدا دەخەیـ
نەڕوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەتڵەع | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | A | بەیت |
| | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | A | |
| دەور | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | B | |
| | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | B | |
| | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | B | |
| قوفڵ | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | C | |
| | فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن | C | |

هێلکاریی (٢) پێکهاتەی قاڵبی موەششەحی (پاییزی زستانی)

شاعیر له بندی کۆتاییی موەششەحەکەدا، غوسنێکی بۆ هەر یەک له مەتڵەع و قوفڵ و سەمتێکیشی بۆ دەور زیادکردووە، بەمەش داهێنانی کردووه و مەودای مۆسیقای کۆپلەی کۆتایی فراوانترکردووه.

**٢-١-١-٢ ئەو موەششەحەی بە پێی بەحری هەزەج هۆنراونەتەوە.**

شاعیر لە بونیادی موەششەحی (پێشکەشی نیشتمان)دا، بەحری هەزەج و تەفعیلەی (مفاعیلن)ی بەکارهێناوە.

فیدات بم خاکی کوردستان نموونەی جەننەتی عەدنان

لەسەر تا خوار

گوڵ و گوڵزار

دڵی غەمبار، ئەکا دەرمان، فیدات بم خاکی کوردستان (ب. زێوەر، ل١٠٨)

قاڵبی موەششەحەکە لە (٨) بەند پێکدێت. مەتڵەع لە بەندی یەکەمدا بە شێوازی دروست خراوەتەڕوو، کە پێکهاتەیەکی یەک غوسنیی دوو کەرتیی هەیە. بەڵام لە بەندەکانی دیکەدا، کەرتەکان کراونەتە دوو غوسنی سەربەخۆ.

**لە ڕووی بونیادەوە:** موەششەحێکی تەواوە، هەموو بەندەکان مەتڵەعی تایبەت بە خۆیان هەیە.

**لە ڕووی پێکهاتەی قوفڵەوە:** تەواوی قوفڵەکان بە (خەرجە)شەوە، هەمان پێکهاتەیان هەیە و بریتین لە غوسنێکی دوو کەرتی، هەر کەرتێکی لە دوو تەفعیلەی (مفاعیلن) پێکهاتووە. سەروای هەردوو کەرت لە غوسنەکاندا هەمان شتن و هەموو قوفڵەکانیش هەمان سەروایان هەیە، کە بریتییە لە (A A). کەرتی یەکەمی غوسنی قوفڵ کەرتکردنێکی دیکەشی بەسەردا هاتووە، سەروای تەفعیلەی یەکەمیان دەچێتەوە سەر سەروای سەمتەکانی دەوری پێش خۆیان.

**لە ڕووی پێکهاتەی دەورەوە:** دەور لە هەموو بەندەکاندا لە دوو سەمت پێکدێت، هەر سەمتێکی لە یەک تەفعیلەی (مفاعیلن) پێکهاتووە، دەور لەهەر بەندێکدا سەراوی تایبەت بە خۆی هەیە و لەگەڵ سەروای بەندەکانی دیکە جیاوازە.

بە شێوەیەکی گشتی، قاڵبی موەششەحەکە بەم جۆرە دەردەکەوێت:

| | | |
|---|---|---|
| مەتڵەع | مفاعیلن مفاعیلن A مفاعیلن مفاعیلن A | |
| دەور | مفاعیلن B<br>مفاعیلن B | بەیت |
| قوفڵ | مفاعیلن B مفاعیلن A مفاعیلن مفاعیلن A | |

نموونەی بەندی یەکەمی موەششەحی (پێشکەشی نیشتمان):

هێلکاریی ژمارە (٣) پێکهاتەی پارچەی یەکەم لە موەششەحی(پێشکەشی نیشتمان)

**٢-١-١-٣ ئەو موەششەحانەی بە پێی بەحری ڕەجەز هۆنراونەتەوە.**

لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی تەفعیلەی (مستفعلن) بونیاددەندرێت. بەم کێشە گوتراوە ڕەجەز "چونکە لەرزینی تێدایە" (گەردی:١٩٩٩. ل١٥٣) ئەمەش بزاوتێکی پڕ بەرزی و نزمی بە مۆسیقای دەق دەدات، هەر بۆیە دەبینین ئەو موەششەحانەی لەسەر ئەم بەحرە هۆنراونەتەوە، پارچەی کورت و ڕەزمی خێراتریان تێدا بەکارهاتووە.

بەختیار زێوەر لە دوو قاڵبدا، ئەم کێشەی پەیڕەوکردووە:

**کێشی ڕەجەزی چواریی موزال (مستفعلن مستفعلن مستفعلن مستفعلان) بۆ نموونە:**

هەستە لەخـەو کوردی هەژار

ئەی نەونەمامی ڕۆژگار

خۆت گورج کە وەک مەردی بەکار

ڕەنجێک بدە بۆ یادگار

تۆ دەمدەمی کەمتەرخەمی کوا مەرهەمی زامی نیهان

با ڕاپەڕین وەک فیل بەتین ببیە ئەمین بۆ نیشتمان (ب. زێوەر، ل١٠٦)

**لە ڕووی بونیادەوە**: موەششەحێکی ئەقرەعە و لە پێنج بەند پێکدێت. بەو واتایەی ڕاستەوخۆ بە دەور دەستپێدەکات و لە پێکهاتەی موەششەحەکەدا مەتلەع نییە.

**لە ڕووی پێکهاتەی قوفڵەوە.** قوفڵ لە تەواوی بەندەکاندا، بە خەرجەشەوە، قوفڵی ئاوێتەی هەشت پارچەیین، کە بەسەر دوو غوسنی چوارپارچەیی دابەشکراون، سێ پارچەی یەکەمی هەر غوسنێک لەگەڵ یەکتری هاوسەروان و لە سەروای کەرتی چوارەم جیاوازن BBBC . سەروای پارچەی چوارەمی تەواوی غوسەکان لە قوفڵی هەموو بەندەکاندا لەگەڵ یەکتری هاوسەروان (CC) بەو واتایەی تەواوی قوفڵەکان یەک سەروایان هەیە .

**لە ڕووی پێکهاتەی دەور:** دەور لە چوار سەمتی هاوسەروا پێکهاتووە، سەروای دەور لە هەر بەیتێکدا سەربەخۆیە و لەگەڵ سەروای دەوری بەیەتەکانی دیکە جیاوازە. (AAAA)، (EEEE)، (HHH)، (KKKK)، (NNNN). بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی موەششەحەکە بەم شێوەیەیە[٤] :

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دەور | مستفعلن | مستفعلان A | | |
| | مستفعلن | مستفعلان A | | |
| | مستفعلن | مستفعلان A | | |
| | مستفعلن | مستفعلان A | | |
| قوفڵ | مستفعلنB | مستفعلنB | مستفعلن B | مستفعلانC |
| | مستفعلنD | مستفعلنD | مستفعلن D | مستفعلان C |

هێلکاریی (٤) پێکهاتەی موەششەحی (خەو ڕەوێنێکە)

کێشی ڕەجەزی چواریی مەخبوون لەسەر بنەمای دووبارەبوونەوەی تەفعیلەی (مفاعلن) بونیاددەندرێت. بۆ نموونە٥:

ئەرێ لە تەختی بەندەنا بووە بە مێرغوزار

لە دۆڵ و شیو و چەمەنا ڕەوانە جۆیبار

لە مێرگ و دەشت و گوڵشەنا شەماڵی بێ قەرار

چییە چ باسە گوڵ ڕوان

بە دەستە چەشنی ئاهوان

به ڕاز و عیشوه وو دوان

هەموو لە دەوری شار

ئەڕۆن بە کەیف بێ جەخار (ب. زێوەر، ل١٤١)

لە ڕووی بونیادەوە: موەششەحێکی تەواوە، چونکە بە مەتڵەع دەستپێدەکات، جیاواز لە موەششەحی باو، لە تەواوی بەندەکانی دیکەشیدا، مەتڵەع هەیە. موەششەحەکە لە چوار بەند پێکدێت.

لە ڕووی پێکهاتەی مەتڵەعەوە: مەتڵەع لە هەر بەندێکدا، ئاوێتەیەکی شەش پارچەییە، کە لە سێ غوسنی دوو پارچەیی هاوسەروای چوار تەفعیلەیی پێکدێت (AB– AB– AB).

لە ڕووی پێکهاتەی قوفڵەوە. قوفڵ لە تەواوی بەندەکاندا، بە خەرجەشەوە، لە دوو غوسنی هاوسەروای دوو تەفعیلەیی دووبارەدەبنەوە. بەو واتایەی بونیادێکی ئاوێتەی دوو پارچەیی هەیە، ئەم جیاوازییەی لە نێوان پێکهاتەی مەتڵەع و قوفڵدا هەیە، لادانە لە شێوازی موەششەحی باو.

لە ڕووی پێکهاتەی دەور: دەور لە سێ سەمتی هاوسەروا پێکهاتووە، سەروای دەور لە هەر بەیتێکدا سەربەخۆیە و لەگەڵ سەروای دەوری بەیەتەکانی دیکە جیاوازە.

بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی موەششەحەکە بەم شێوەیەیە :

| | |
|---|---|
| مەتلەع | مفاعلن مفاعلنA مفاعلن مفاعلن B<br>مفاعلن مفاعلنA مفاعلن مفاعلن B<br>مفاعلن مفاعلنA مفاعلن مفاعلن B |
| دەور | مفاعلن مفاعلن C<br>مفاعلن مفاعلن C<br>مفاعلن مفاعلن C |
| قوفڵ | مفاعلن مفاعلن D<br>مفاعلن مفاعلن D |

هێلكاریی (٥) پێكهاتەی موەششەحی (بۆ بەهاری ٩٤٦)

### ٢-١-١-٤ ئەو موەششەحەی لە بەحری خەفیفدا، لەسەر قاڵبێکی نوێ هۆنراوەتەوە

ئەم کێشە لەناو بازنەی خۆیدا سێ تەفعیلەییە (فاعلاتن مستفع لن فاعلاتن)، لە کوردیدا، (٥) قاڵبی جیاوازی تێدا بەکارهاتووە (گەردی، ٢٠١٣، ١٦٧) هەموو قاڵبەکان پێکهاتەیەکی شەش تەفعیلەییان هەیە. بەختیار زێوەر لە هۆنینەوەی موەششەحی (بۆ گوڵەکەم)دا، لە تەفعیلەی یەکەم و دووەم (فاعلاتن مستفع لن) دوای بەسەرداهێنانی خەبن بەسەر تەفعیلەی دووەم، لە نوێوە قاڵبێکی (خەفیفی چواریی مەخبوون)ی لە (فاعلاتن مفاع لن) دروستکردووە:

گوڵەکەم نازەنینەکەم

ئەی گوڵی باخی نیشتمان

وەرە بڕوانە ژینەکەم

چۆن لە دووریت بووە بە ژان

برژەبرژی برینەکەم

ڕاستگۆییم ئەدا نیشان

هەر منم سینە کون کونم

جەرگ و دڵ ئەنجن ئەنجنم

وا بەرەو ڕۆژی مردنم

وەرە نزیک سەرینەکەم (ب. زێوەر، ل١٣١).

**لە ڕووی بونیادەوە**: موەششەحێکی تەواوە، لە سێ بەند پێکدێت، لە هەموو بەندەکاندا مەتڵەع هەیە.

**لە ڕووی پێکهاتەی مەتڵەعەوە:** مەتڵەع لە هەر بەندێکدا، ئاوێتەیەکی شەش پارچەییە و بە سەروای متەناوب بەسەر شەش غوسندا دابەشکراون (ABABAB)

**لە ڕووی پێکهاتەی قوفڵەوە.** قوفڵی بەندەکان بە خەرجەشەوە، لە یەک غوسن پێکدێت، لە هەر بەندێکدا سەروایان دەچێتەوە سەر سەروای غوسنی کۆتایی مەتڵەع (B).

**لە ڕووی پێکهاتەی دەور**: دەور لە سێ سەمتی هاوسەروا پێکهاتووە، سەروای دەور لە هەر بەیتێکدا سەربەخۆیە و لەگەڵ سەروای دەوری بەیەتەکانی دیکە جیاوازە.

بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی هەر بەندێک بەم شێوەیە دەبێت:

| | |
|---|---|
| مەتڵەع | فاعلاتن مفاع لن A |
| | فاعلاتن مفاع لن B |
| | فاعلاتن مفاع لن A |
| | فاعلاتن مفاع لن B |
| | فاعلاتن مفاع لن A |
| | فاعلاتن مفاع لن B |
| دەور | فاعلاتن مفاع لن C |
| | فاعلاتن مفاع لن C |
| | فاعلاتن مفاع لن C |
| قوفڵ | فاعلاتن مفاع لن B |

هێلکاریی (٦) پێکهاتەی موەششەحی (بۆ گوڵەکەم)ی بەختیار زێوەر

**٢-١-٢ ئەو موەششەحەی لەسەر کێشی ژمارەیی هۆنراوەتەوە**

بەختیار زێوەر لە هەوڵە سەرەتاییەکانی هۆنینەوەی شیعردا، دەستی بۆ قاڵبی موەششەح بردووە، هەرچەندە لە کۆی شەش موەششەح، تەنیا یەک موەششەحی بە کێشی ژمارەیی خۆماڵی نووسیوە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە ئەم موەششەحەی پێش پێنج موەششەحەکەی دیکە نووسیوە، کە پێشتر باسمان لێوەکردن و هەریەکەیان لەسەر کێشێکی عەرووزی جیاواز داندراون.

ئەوەی گرنگە؛ بەختیار زێوەر فرەکێشی و فرەسەروایی لە موەششەحەکەدا پەیڕەوکردووە، قاڵبەکە لە سێ بەند پێکدێت و پێکهاتەی هەموو بەندەکان وەک یەکن.

پیرەمەگروون موقەددەسی

دۆستی دائیمی کوردی

بەو مەنزەرەی شیرینەوە

دافیعی سەد نەوع دەردی

قامەتی بەرزی تۆ

دامەنی سەوزی تۆ

نیشانەی ڕەمزی تۆ

باعیسە لەبۆ سەرکەوتنی وەتەن (ب. زێوەر: ٢١)


موەششەحەکە لە ڕووی بونیادەوە: موەششەحێکی تەواوە، مەتڵەع لە تەواوی بەندەکاندا هەیە.

**لە ڕووی بونیادی مەتڵەعەوە:** پێکهاتەی مەتڵەع چوار پارچەییە و بەسەر چوار غوسن و بە سەروای دەوری دابەشکراون. هەرمەتڵەعێکیش سەروای تایبەت بەخۆی هەیە و جیاوازە لە سەروای مەتڵەعی پارچەکانی دیکە.

**لە ڕووی بونیادی قوفڵەوە:** قوفڵ لە هەرسێ پارچەکەدا لە یەک غوسن پێکهاتووە، لە پارچەی دووەم و سێیەمدا قوفڵ دووبارەیە (باعیسی لەبۆ نەهێشتنی میحەن)، سەروای تەواوی قوفڵەکان، هەمان سەروایە.

**لە ڕووی بونیادی دەورەوە:** دەور لەسێ سەمتی هاوسەروا پێکهاتووە، لە هەربەندێکدا سەروای جیاوازیان هەیە.

بە شێوەیەکی گشتی قاڵبی موەششەحە بەم جۆرەیە:




هێلکاریی ژمارە (٧) پێکهاتەی موەششەحی (گۆرانیی پیرەمەگروون)

**ئەنجام**

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لەچەند خاڵێکدا پوخت دەکەینەوە:

١-بەختیار زێوەر بە هەردوو جۆر کێشی خۆماڵی و کێشی عەرووزی، موەششەحی هۆنیوەتەوە، لە کۆی شەش دەق، دەقێک بە کێشی خۆماڵی و پێنج دەقی لەسەر چوار بەحری عەرووز و لە پێنج قاڵبی جیاوازیدا هۆنیوەتەوە. ئەو دەقەی بە کێشی خۆماڵی نووسراوە، پێش ئەو دەقانە هۆنراوەتەوە، کە بە کێشی عەرووز نووسراون.

٢- موەششەحەکان بە هەردوو جۆر: (تەواو) و (ئەقرەع) نووسراون. پێنج موەششەح لە جۆری تەواو و موەششەحێکی لە جۆری ئەقرەعە.

٣- له موەششەحە تەواوەکاندا، مەتڵەع لە تەواوی بەندەکاندا هەیە، ئەمەش لادانە لە بنەماکانی موەششەحی باو. بەم لادانە بەختیار زێوەر تایبەتمەندیی موەششەحی کوردیی فەراهەمکردووە.

٤- لە ڕووی ژمارەی بەندەکانەوە، بەختیار زێوەر لادانی لە موەششەحی پێنج بەندیی باودا کردووە. بەندی کەمتر یان بەندی زیاتری لە بونیادی موەششەحەکاندا پەیڕەوکردووە. بەمەش دەرگایەکی تازەی بەڕووی پێکهاتەی قاڵبی موەششەحی کوردیدا کردۆتەوە.

٥- لە موەششەحی (پاییزی زستانی)دا بە زیادکردنی غوسنێک لە پێکهاتەی مەتڵەع و خەرجە و بە زیادکردنی سەمتێک لە دەوری بەندی کۆتاییدا، داهێنانێکی ناوازەی کردووە، لە هیچ موەششەحێکی دیکەی کوردی و تەنانەت لە موەششەحی عەرەبیشدا، ئەو تەکنیکەمان بەرچاونەکەوتووە.

٦- لە ڕووی بونیادی سەرواوە، بەختیار زێوەر، لە هاوسەروایی قوفڵەکاندا بە (مەتڵەع و خەرجە)شەوە لادانی لە پەیڕەوی باودا کردووە. سەرباری ئەمە لە موەششەحی (پیشکەشی نیشتمان)دا، بە دووبارەکردنەوەی سەروای دەور لە تەفعیلەی یەکەمی غوسنی قوفڵەکان، تەکنیکێکی نوێی لە بونیادی سەروای موەششەحدا داهێناوە.

٧- لە ڕووی بونیادەوە مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ مەتڵەع و قوفڵی بەندەکاندا کردووە، بەمەش لە پەیڕەوی باودا لادانی کردووە.

٨- بەختیار زێوەر قاڵبێکی عەرووزیی نوێی لە موەششەحی (بۆ گوڵەکەم)داهێناوە، کە پێشتر لە شیعری کوردیدا پەیڕەونەکراوە و لە سەرچاوەکانیشدا ئاماژەی پێنەکراوە،

## پەراوێزەکان

١- ناوی (أبو الحسن علی بن نافع)ەو نازناوی (زریاب)ی هەڵگرتووە و پێیەوە ناسراوە، لە ساڵی ١٧٣.ک بەرانبەر ٧٨٩.ز لە جزیرەی بۆتان لە بنەماڵەیەکی کورد لەدایکبووە، زۆر ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی بیانی بە بەڵگەوە کورد بوونی زریابیان پشتڕاستکردۆتەوە، لەوانەش: (ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی: سیگرید هونکە) و (ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی: تۆما بوا) و (ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لیڤی پرۆڤینسال). سەبارەت بە نازناوی (زریاب) لە ڕەنگی ڕەشی پێستی نەهاتووە، کە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا باسی لێوەدەکرێ، بەڵکو ئەم نازناوە لە جۆرە باڵندەیەکی ڕەنک خۆڵەمێشییەوە وەرگیراوە، کە بە کوردی (شالوور)ی پێدەڵێن. زریاب نەک هەر لە مۆسیقا و گۆرانیگوتندا بلیمەت بووە، بەڵکو لە بواری جلوبەرگ و سەما و خواردن و هەڵسوکەوتیشدا بلیمەت بووە. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: المنشداوی، أ.د. خضیر عباس، زریاب البوتانی الموصلی وأثره فی تقدم علم الموسیقی و فنون الغناء والطبخ والازیاء، مجلة جامعة زاخۆ، المجلد ١(B)، العدد ٢، ص ٢٧٤ -٢٧٩. ٢٠١٣.

٢- بۆ نموونە، لە موەششەحی (گۆرانیی پیرەمەگرن)دا، بەختیار زێوەر ئاماژەی بەوەکردووە، کە: لەسەر وەزنی (بز برنجی الایدگز) هۆنراوەتەوە.

٣- زێوەر ئەم شیعرەی لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە (١١) ساڵی چوارەم، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٣ بڵاوکردۆتەوە، لە ڕووی داڕشتنی تۆپۆگرافیاوە، لەگەڵ دیوانەکەیدا جیاوازە. بڕوانە: گەلاوێژ، ئا: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵڵا زەنگەنە، بنکەی ژین، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ساڵی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل ٢٥١٥.

٤- عەزیز گەردی دابەشکردنێکی دیکەی بۆ پێکهاتەی ئەم موەششەحە کردووە و دەورەکانی بە مەتڵەع داناون و قوفڵەکانیشی وەک دوو دەور دەستنیشانکردوون. بڕوانە: گەردی، عەزیز، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، ل٢٦١.

٥- تۆپۆگرافیای ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا هاوشێوەی ئەو شیعرە نییە، کە لە لاپەڕە (٣٣)ی ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٤٦ گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٦، گەلاوێژ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. ل٤٧٣١. لە گەلاوێژدا غوسنەکانی سەمت وەک غوسنی ئاوێتە بەیەکەوە نووسراون، کەچی لە دیوانەکەیدا لەبەریەک هەڵوەشاونەتەوە و دەقەکە وەک شیعرێکی ستوونی دەرکەوتووە. هەر ئەمەش وایکردووە سەرنجی لێکۆلەرەوەکانی پێشتر لەسەر موەششەحیی ئەو دەقە لابدات.

## سەرچاوەی کوردی

### کتێب

- زێوەر، بەختیار، ٢٠٠٨، دیوانی بەختیار زێوەر، شیعر، کۆکردنەوەی: مەحموود زێوەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر.

- سجادی، علاءالدین، ١٩٦٧ ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

- سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵڵا زەنگەنە، ٢٠١٦، گەلاوێژ بنکەی ژین، بەرگی چوارەم، بەشی دووەم، ساڵی چوارەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- گەردی. عەزیز، ١٩٩٩، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

- گەردی، عەزیز، ١٩٩٩، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر.

## مصادر العربية

### الكتب

- ابن سناء الملك، القاضی السعید أبی قاسم هبة الله بن جعفر، ١٩٤٩، دار الطراز فی عمل الموشحات، تحقیق: جودة الرکابی،المطبعة الکاثولیکیة، دمشق.

- ابن منظور، ١٩٩٨، لسان العرب، تحقيق: عبدالله على الكبير ومحمد أحمد حسب الله وهاشم محمد شاذلى، دار المعارف، القاهرة.

- الافرانى، محمد، ١٩٩٧، المسلك السهل فى توشيح ابن سهل، تحقيق:محمد العمرى، وزارة الشؤون الاسلامية والاوقاف، المغرب.

- الركابى، د. جودت، ١٩٦٦، فى الادب الاندلسى، دار المعارف، ط٢، القاهرة.

- عباسة، د. محمد، ٢٠١٢، الموشحات والازجال الاندلسية وأثرها فى شعر التروبادور، دار أم الكتاب للنشر والتوزيع، ط١، الجزائر.

- عوض الكريم، مصطفى، ١٩٦٥، الموشحات والازجال، دار المعارف، القاهرة.

- المدنى، السيد على صدرالدين معصوم، ١٩٦٨، انوار الربيع فى انواع البديع، تحقيق: شاكر هادى شكر، الجزء السادس، مطبعة النعمان، ط١، النجف.

**رسائل الاكادمية**

- أسماء، نميش، ٢٠١٦، الموشحات والازجال وأثرها فى الادبالاوروبى القديم، شعر التروبادور أنموذجا، رسالة دكتوراه، جامعة جيلالى ليابس/ سيدى بلعباس، كلية الاداب واللغات والفنون، الجزائر.

- جربوع، سعيدة، ٢٠١٩، البنية الايقاعية فى فن الموشحات (ابن زهر وابن سهل وابن الخطيب أنموذجا) رسالة دكتوراه، جامعة محمد بوضياف بالمسة، كلية الاداب واللغات.

- كريم، كوثر هاتف، ٢٠١٠، البناء الفنى للموشح النشأئ والتطور، رسالة الماجستير، جامعة الكوفة كلية التربية للبنات، العراق.
- نجاحى، نجلاء، ٢٠١٠، الانساق الايقاعية فى نماذج لموشحات جزائرية، رسالة الماجستير، جامعة الحاج لخضر باتنة، كلية الاداب والعلوم الانسانية، الجزائر.

**الملخص**

عنوان هذا البحث، هو بنية الموشحات في قصائد (بختيار زيور) وهي محاولة لإظهار الأسلوب مع وصف الخصائص الإبداعية في بناء موشحاته. نشأت الموشحات في الشعر الأندلسي في القرن الثالث الهجري حيث ازدهرت الموسيقى والغناء والرقص. ظهر فن الشعر هذا في الأدب الكردي في الثلاثينيات من القرن الماضى. يعتبر الشاعر بختيار زيور من الشعراء الكورد الذين حاولوا تجديد الشعر بأشكال جديدة منها الموشح. والتي لم تكن موجودة في الشعر الكردي القديم. هناك خصوصيات واضحة في الموشح الكردي وأنواعه المختلفة من الموشحات العربية من حيث البنية والتركيب. الهدف من هذا البحث هو إظهار الهيكل الفني للموشح الكوردى ، خاصة في موشحات بختيار زيور. هناك فراغ واضح مقارنة بابداع الشعراء الكورد فى هذا المجال. من خلال هذا البحث توصلنا الى نتائج جديدة أستند اليها هذا الشكل الفنى من قصائد بختيار زيور.